Digitally signed by Kurdistan Net
cn=Kurdistan Net, ou=Copyright 2000 Kurdistan Net, All rights reserved, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.06.28 02:12:08 +03'00'
Reason: Kurdistan Net Neti Hemwane

# کارل مارکس
# چەند بابەتێك لە بارەی فۆیەرباخ

و/ سەلام عەبدوڵلا

(1)

کەموکۆڕی سەرەکی هەموو مەتریالیزمەکانی رابردوو تا ئێستا–بە مەتریالیزمی (فۆیەرباخ) یشەوە– ئەوەیە کە، شت، حەقیقەت و هەستیاری، تەنها لە ژێر فۆرمی بابەت یا روانگە، تێڕادەمێنن، نەك وەك چالاکی مرۆیی هەستیارو **پراکسیس**، نەك سوبێکتیڤ (خود) . لێرەوە، ئەوە روویدا کە ئیدیالیستەکان، گەشەیان بە لایەنی بکەر دا، دژ بە مەتریالیزم، بەلاٌم تەنها ئەبستراکتانە (مجرد) ، چونکێ ئیدیالیزم، هەر بە سرووشتی خۆی، چالاکی واقیعی هەستیار ناناسێ. فۆیەرباخ شتی هەستیاری دەوێ، بە شێوەیەکی فعلی، جیاواز بێ لە ئۆبێکتەکانی (بابەتەکانی) بیرکردنەوە، بەلاٌم خودی چالاکییە مرۆییەکان بە چالاکی بابەتییانە ناناسێ. بۆیە چالاکی تیئۆری لە"ناوەڕۆکی مەسیحییەت"، بە تاقە چالاکی مرۆیی راستەقینە دادەنێت. لە کاتێکدا پراکسیس تەنها لە فۆرمە یەهودییە قیزەوەنەکەی، دیاریدەکات و دەیچەسپێنێ. هەر بۆیە لە مانای چالاکی "شۆڕشگێرانە" ی" بەکردەوەی–رەخنەگرانە" تێناگات.

(2)

پرسیاری داخۆ، بیرکردنەوەی مرۆیی سەر بە حەقیقەتی ماديیانە یا نا، پرسیارێکی تیئۆری نییە، بەڵکو پرسیارێکی کردەوەیە. مرۆڤ دەبێ لە کردەوەدا راستی، واتێ راستی و دەسەلاٌتی دنیایی بیرکردنەوەی بسەلمێنێ. مشتومڕکردن لە بارەی ڕاستی و ناڕاستی بیرکردنەوەیەك، کە خۆی لە کردەوە دادەبڕێ، پرسیارێکی تیولۆگی ڕووتە.

(3)

ئەو بیرە فێرکارییە مەتریالیستەی دەبێژێ، مرۆڤەکان، بەرهەمی بارودۆخ و پەروەردەن، کەواتە مرۆڤە گۆڕاوەکان بەرهەمی بارودۆخێکی ترو پەروەردەی گۆڕاون، لەبیری دەچێ کە مرۆڤەکان بە خۆدی خۆیان بارودۆخەکان دەگۆڕن و دەبێ بە خودی پەروەرگارەکە، پەروەردە بدرێ. بۆیە ئەم بیرکردنەوەیە وەك پێداویست دەگات بەو شوێنە، کۆمەلگا بۆ دووکەرت دابەش بکات، یەکێکیان بە سەر کۆمەلگا بالاٌتر دەبێ (بۆ نموونە لە رۆبێرت ئەوین) . هاوجووتبوون لە نێوان گۆڕینی بارودۆخ و چالاکی مرۆیانە دەکرێ تەنها وەك کردەوەیەکی شۆڕشگێرانە، تێڕابین و راتسیونالانە لێی تێبگەین.

(4)

فیورباخ لە فاکتومی لەخۆنامۆیی ئاینی، لە دووگانگی جیهان بۆ جیهانێکی ئاینی وەهمی و جیهانێکی واقیعییەوە، دەستپێدەکات. کارەکەی لەوەدا دەبینێ، جیهانی ئاینی لە بناغەی جیهانی خۆی بتوێنێتەوە. ئەو نابینێ کە بە ئەنجامدانی ئەم کارە، هێشتا کارە گرنگەکە دەبێ ئەنجام بدرێ. چێتر



www.kurdistannet.org

بلێین، حەقیقەت ئەوەیە، بناغەی جیهان، بە خۆدی خۆی، خۆی بەرز دەکاو مەملەکەتێکی سەربەخۆ لە ناو هەورەکان دەچەسپێنێ، ئەمە دەکرێ تەنها لە داتلێشانی خودو ناکۆکی ناوەوەوە، ئەم بناغە جیهانییە روون بکرێتەوە. کەواتە دەبێ یەکەم جار ئەم خۆیە، لە ناکۆکییەکانی ناو خۆی لێ تێبگەین و لە پاشاندا بە رێگای لابردنی ناکۆکییەکان، بە کردەوە شۆرشگێر دەبێ. کەواتە، بۆ نموونە، پاش ئەوەی دەردەکەوێت کە خێزانی سەرزەمین، نهێنی خێزانی پیرۆزە، ئەوا دەبێ ئێستا یەکەمەکە لەباری تیئۆری رەخنە لەخۆ بگرێت ولە پراکسیسدا بگۆردرێت.

**(5)**

فیورباخ ئاسوودە نییە لە گەڵ بیری ئەبستراکت، بەڵام بانگەوازی روانگەی هەستیانە دەکات و جیهانی هەستکردن وەك چالاکی عەمەلی هەستیاری – مرۆیانە تێناگات.

**(6)**

فیورباخ، ماهییەتی ئاینی لە ناو ماهییەتی **مرۆیی** دەتوێنێتەوە. بەڵام ماهییەتی مرۆ ئەبستراکتێك نییە بە هەر تاکێکەوە بە جیا لکابێت. بەڵکو لە واقیعدا، کۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە. فیورباخ چونکە رەخنە لەم بوونە واقیعیە ناگرێ، بۆیە ناچار دەبێ: أ–خۆی لە چونەپێشەوەی مێژوو دادەرووتێنێ ورۆحی ئاینی دەچەسپێنێ و کریمانەی ئەبستراکتێکی مرۆیی تاکی–دابراو–دەکا. ب: دوایی لەلای ئەم، ماهییەتی مرۆیی تەنها وەك ( (رەگەز) ) دەبینێ، وەك نیهان و لاڵ، وەك تاکێکی زۆر کە بەشێوەیەکی **سرووشتی** پەتی، پەیوەندیی گشتییان دەبێ، تێبگەین.

**(7)**

بۆیە فیورباخ نابینی، کە ( (رۆحی ئاینی) ) بەخۆی لە ناو بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییە و ئەو تاکە ئەبستراکتە کە شیتەڵی دەکات، لە راستیدا سەر بە شێوە کۆمەڵایەتییەکی دیاریکراوە.

**(8)**

ژیانی کۆمەڵایەتی لە ناوەرۆکدا **عەمەلییە**. هەموو نهێنییەکان کە تیئۆری بەرەو سۆفێتی دەبەن، چارەسەرە عەقلانییەکەی لە کرداری مرۆیی و لە تێگەیشتن لەم کردارە دەکرێ.

**(9)**

باڵاترین خاڵ کە مەتریالیستی هەستیاری پێگەیشت، واتە ئەو مەتریالیزمەی، کە چالاکی هەستەکان وەك چالاکی کردار تێناگات، روانگەی تاکەکانە لەناو ( (کۆمەڵگای مەدەنی) ) .

**(10)**

هەڵویستی هەموو مەتریالیستە کۆنەکان، هەڵویستی کۆمەڵگای ( (مەدەنی) ) یە، بەڵام هەڵویستی مەتریالیزمی نوێ، کۆمەڵگای مرۆییە یا مرۆڤایەتی هاوبەش.

**(11)**



www.kurdistanet.org

فیلسوفەکان تاکو ئەمڕۆ جیهانیان تەنها بە شێوەی جۆراوجۆر **راڤەکردووە**، بەڵاّم مەسەلە گرنگەکە ئەوەیە، **بگۆڕدرێ**.

لە پاش بلاّوکردنەوەی لە لایەن ئەنگلس لە ساڵی١٨٨٨.

سەرچاوە: Karl Marx. Friedrich Engels Werke,band3,S. 533,Dietz VerlagBerlin,1973

ئەم تێزانە لە جلدی سێهەمی مارکس و ئەنگلس، ل٥–٧ و ٥٣٣–٥٣٥بلاّوکراوەتەوە.

٢٠٠٢/٦/٢٥



www.kurdistanmarxist.org